وەزارەتی نەوت بەقاچاخ بردنی 61 تانکەری قیر و پاشماوەی نەوتی ئەکسجینکراوی پوچەڵکردەوە

ئەمڕۆ شەممە وەزارەتی نەوت بە قاچاخ بردنی 61 تانکەری هەڵگری قیر و پاشماوەی نەوتی ئەکسجینکراوی لە بەسرە پوچەڵکردەوە.

بەڕێوەبەری گشتی کەمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان حسێن تالیب لە ڕاگەیەنراوەکدا ڕایگەیاند: دەستەی پشکنین لە کەمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە ئەمنییە پاڵپشتییەکان، پووچەڵکردنەوەی ئەپڕاسیۆنی قاچاخچێتی 61 تانکەر کە قیر و گەی سپی و پاشماوەی ئەکسجینکراویان هەڵگرتبوو کەمپانیای نەوت لە پارێزگای بەسرە، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەپڕاسیۆنەکە لەسەر بنەمای زانیاری بووە سەبارەت بە هەندێك کەس کە هەوەی قاچاخکردنی قیر و هەندێك بەرهەمی نەوتیان داوە.

تالیب گوتیشی : تیمێکی کار لە دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و فەرماندەیی هێزە دەریاییەکان و لقی دەستەکە لە پارێزگای بەسرە پێکهێنرا، کە تیایدا هەڵکوتانە سەر یەکێك لە کەشکەکان (مراب) لە ناوچەی خەر زوبەیر و ژمارەیەك تانکەر کە بارکرابوون بە بەرهەمی ئامادەکراو بە قاچاخ کۆنترۆکران، ئەوانیش بەم شێوەیە: 29 تانکی بارکراو بە قیر ئەکسجین، 29 تانکی بە پاشماوەی نەوت، 2 تانکی بە مادەی سپی سفوا، و 1 تانکی بە پاشماوەی سفوا.

لە درێژی قسەکانیدا وتی : بەپێی یاداشتێکی دادوەری 63 تەمەتبار دەستگیرکراون و ڕووشوێنی یاسایی بەرامبەریان گیراوەتەبەر.